10 هەنگاو بۆ

# نوسینی توێژینەوەی دەرچون

(دبلۆم، بەکالۆریۆس) لە بواری

# راگەیاندن و پەیوەندیی گشتیی

**پ. د. هێرش رەسوڵ موڕاد**

کۆتایی ٢٠٢١

## دەروازەیەك

بەردەوام، هەندێ لە خوێندكارانی بەشەكانی **راگەیاندن و پەیوەندیی گشتیی** لە زانكۆ و پەیمانگاكان، پرسیاری چۆنێتیی دەستپێكردن بە نوسینی توێژینەوەكانی دەرچونیان لێدەكردم، ترس و شڵەژانی خۆیان لەوبارەوە نەدەشاردەوە، بۆیە منیش بەردەوام وێڕای هێوركردنەوەیان، بە پوختیی و سادەیی هەنگاوەكانی رۆیشتن لەسەر ئەو رێگا زانستییەم بۆ روندەكردنەوە، وەڵامی پرسیارەكانیانم دەدانەوە، ئیتر وردە وردە روخساریان دەگەشایەوە و ئاهێكیان وەبەردەهاتەوە، تا سەرەنجام لە كۆتایی ساڵدا مۆژدەی تەواوكردنی كارەكەیان پێدەدام. ئەمە و،

بەوشێوازە زارەکییە، چەند ساڵێکی خایاند، تا لەسەر پێشنیاری چەند هاوڕێیەک، ئەو ڕێنماییە سەرەتاییانەم کردە نوسین، تاکو ئەزمونەکە لەگەڵ زۆرترین هاوڕێدا بەشبکەین.

هەروا، ئەو پڕۆژەیەی چەند ساڵێک پێش ئێستا دەستم پێیکردوە و، بە هۆی سەرقاڵیی دیکەم، نەمتوانیوە بچمەوە سەری، هەوڵدەدەم لە ئاییندەدا، کاری جددیی لەسەر بکەمەوە و تەواوی بکەم، ئەویش بریتییە لە: **(ڕێبەری نوسینی توێژینەوەی ڕاگەیاندن).**

**هێرش ڕەسوڵ**

**کۆتایی ٢٠٢١**

## هەنگاوەکان:

### هەنگاوی یەکەم:

### بیرۆکەی سەرەکیی

گەڵاڵەکردنـــی بیـــرۆکەیەک، واتـــا هەڵبـــژاردن و دیـــاریکردنـی بـــابەتی ســـەرەکیی تـــوێژینەوەکە. کە ئـەم تایبـەتمەندییانـە لـە خۆبگرێت:

أ. پەیوەنـــددار بـــێ بە پســـپۆڕییە گشـــتیی و وردەکـەوە.

ب. پێویست و جێبایـەخی بوارەکە بێت.

## هەنگاوی دووەم:

### بەدواداچون

کـــۆکردنـەوە و تـەماشـــاکردنـی خێـــرای کـــۆمـەڵێ سـەرچاوەی پەیوەسـتـت بەو بـــابـەتـە و تـــوێژینـەوەی پێشـو لـەوبـــارەیـەوە، بـــۆ دیــاریکردن و چەسـپاندنـی ناونیشانێکی گونجاو.

## هەنگاوی سێیەم:

### ناونیشانی توێژینەوەکە

دیاریکردنی ناونیشانێک، بەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەوە:

أ. لـە بـەگـــۆڕی ســـەربـەخۆ (متـغـیـــر مســـتقل) و بـەگۆڕی پـابـەند (متغیر تـابـع) پێکهاتبێ.

ب. تا دەکرێت کورت و پوخت و مانادار بێ.

ج. گوزارشت بێ لە بونی کێشەیەکی دیاریکراو لە بواری پسپۆڕییەکەدا، بە دیاریکردنی جۆر و ڕێباز و سنوری کات و شوێنی توێژینەوەکە.

د. وا جوانترە لە ناونیشانێکی سەرەکیی و ناونیشانێکی لاوەکیی پێکهاتبێ.

هـ. دەکرێ یەکێک لەم دەستەواژانە لە ناونیشانەکە بەکاربهێنرێت: (ڕۆڵ، کاریگەریی، پێگە، دۆخ -واقیع-، ئاراستە، بەکارهێنان، ئاست، بایەخ، ئاستەنگ، ... تاد)، بەڵام بە ڕەچاوکردنی گونجانی لەگەڵ: بابەت، کێشە و ئامانج، جۆر و ڕێباز، مشتەی توێژینەوەکەدا.

بۆ رونکردنەوەی بابەتەکە، لە خوارەوە هەندێ نمونەی ناونیشان دەخەینەڕو، بە تایبەتمەندیی جیاوازەوە:

**ئاستی ڕەچاوکردنی راستگۆیی لە راگەیاندنی کوردیی هەرێمی کوردستاندا: توێژینەوەیەکی مەیدانییە**

**کاریگەریی هەڵمەتی بایکۆتکردنی کاڵای تورکیی لە (فەیسبوك) لەسەر خواستی لای بەکاربەری کورد**

**پێگەی ئازادیی رادەربڕین لە پڕۆژەدەستوری هەرێمی کوردستاندا: توێژینەوەیەکی شیکاریی و بەراوردکارییە**

**راگەیاندنی بنکۆڵکاریی و ئاکاری پیادەکردنی: توێژینەوەیەکی تیۆرییە**

**بەکارهێنانی ئامرازە هاوچەرخەکانی گەیاندن و رۆڵیان لە کاراکردنی ئاستی پەیوەندیی گشتیی: دامەزراوەکانی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستان بە نمونە**

**واقیعـــی ئـــازادیی رۆژنامەنوســـیی لە هەرێمـــی کوردســـتان لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکاندا: توێژینەوەی دۆخ**

**رۆڵی پەیوەنـدیی گشـتیی لە بەڕێـوەبردنی تەنگـژە سیاسـییەکاندا: توێژینەوەیەکی مەیدانییە**

## هەنگاوی چوارەم:

## نەخشەی توێژینەوەکە

دانـــانی نـەخشـــەی تـەواوی تـــوێژینـەوەکـە، واتـە بـەش و بـــاس و تـەوەرەکـــان و، دابـەشـــکردنیان بـە شـــێوەیـەکی زانســـتیی، میتـــۆدیی، لـــۆژیکیی و هاوسـەنگ.

بـە شێوەیـەکی گشـتیی، بـۆ تـوێژینـەوەی دەرچـون، ســـێ (٣) بـەش، لـەگـەڵ: (پـــوختـە، پێشـــەکیی،

دەرەنجـــام و راســـپاردە و پێشـــنیار، لیســـتی سەرچاوەکان) بەسە.

بەشــی یەکەم بریتــی دەبێــت لە (ڕێبازنــامەی تـــوێژینەوەکە)، بەشـــی دوەم (تیۆرینـــامەی تـــوێژینەوەکە)، بەشـــی ســـێیەم و کۆتـــاییش، (پراکتیکنامەی توێژینەوەکە).

### هەنگاوی پێنجەم:

### خوێندنەوە و پۆلێنکردن

خوێندنەوەی وردی کتێب و سەرچاوە کۆکراوەکان و، پۆلێنکردنیان بە پێی سودلێوەگرتنیان بۆ بەش و باس و تەوەرە جیاوازەکان.

## هەنگاوی شەشەم:

## ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

دەست بە نوسینی بەشی یەکەم دەکرێت، کە (ڕێبازنامەی توێژینەوەکە)یە و لەم تەوەرە سەرەکییانە پێکدێت:

- بایەخی توێژینەوەکە
- کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە
- ئامانجی توێژینەوەکە
- جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە
- کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە
- بوار (سنور)ەکانی توێژینەوەکە
- ئامرازەکانی توێژینەوەکە
- ڕواڵەدروستیی و جێگیریی

- توێژینەوەکانی پێشو
- تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشو
- دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان

## هەنگاوی حەوتەم:

## تیۆرینامەی توێژینەوەکە

دەست بە نوسینی بەشی دوەم دەکرێ، کە (تیۆرینامەی توێژینەوەکە)یە و، هەوڵدەدرێ، پاڵپشت بە کۆمەڵێ سەرچاوەی نوێ و باوەڕپێکراوی زانستیی، بە پوختیی لە روی تیۆرییەوە، تیشک بخرێتەسەر تەوەر و پرس و دۆزەکانی پەیوەست بە بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکە.

**هەنگاوی هەشتەم:** (دەکرێ هاوکات و هاوشانی هەنگاوی شەشەم و حەوتەمیش کاری لەسەر بکرێت)

## پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

دەست بە (پراکتیکنامەی توێژینەوەکە) دەکرێ، ئەویش دوای یەکلاکردنەوەی ڕێباز و ڕێکاری توێژینەوەکە.

بۆ نمونە: ئەگەر ناخشیکاریی (شیکردنەوەی ناوەڕۆک) بو، دەبێ شینامە (فۆرمی شیکاریی) بۆ دروست بکرێت. ئەگەر (راپێوییی) بو، دەبێ راپێوینامە (فۆرمی راپێویی) بۆ دروست بکرێت، ئەگەر توێژینەوەی دۆخ (Case Study) بو، دەبێ گفتوگۆنامە (فۆرمی پرسیارنامەی گفتوگۆ)ی بۆ دروست بکرێت، ... تاد. **(بۆ بەرچاوروونیی هەریەك لەو ڕێباز**

**و ڕێکارانە، دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ نمونەی ناونیشانەکان، کە لە باسکردنی هەنگاوی سێیەمدا هێنراونەتەوە.)**

پاشان ئەنجامەکان دەردەهێنرێن، لە چەند خشتەیەکدا ڕێکدەخرێن، ئینجا توێژەر بە کورتیی، یەک یەک ئەنجامەکان شرۆڤەدەکات.

## هەنگاوی نۆیەم:

### دەرەنجام، ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

نوسینی (دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە)، بە پێی ئەو خالانەی لە کێشە و پرسیارەکان، ئامانجەکانی توێژینەوەکە دیاریت کردون.

دواتر لە سۆنگەی ئەو دەرەنجامانەوە، (ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە) دەنوسرێن.

## هەنگاوی دەیەم:

### لیستی سەرچاوەکان

دروستکردنی (لیستی سەرچاوەکان)، بە کۆکردنەوەی تەواوی ئەو سەرچاوانەی لە پەراوێزەکان، یان لە دوای دەقە وەرگیراوەکانەوە ئاماژەیان پێدراوە، ریزکردنیان بە پێی پیتەکان و، پۆلێنکردنیان بە پێی جۆر و زمانەکانیان: (فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیا، دەستور و یاسا، توێژینەوە، کتێب، گۆڤار و رۆژنامە، پێگەی ئەلیکترۆنیی، ... تاد).

***